[Alustath Journal for Human and Social Sciences](https://alustath.uobaghdad.edu.iq/journal)

Volume 227 | Issue 1 Article 18

10-15-2018

# The effect of style in Kurdish poetry

Sarod waaly Ismail ALjaf
*University of Baghdad / College of Education Ibn Rushd for Humanities*

Mahabad Abdel Karim Ahmed
*University of Baghdad / College of Education Ibn Rushd for Humanities*

Follow this and additional works at: https://alustath.uobaghdad.edu.iq/journal

## Recommended Citation

ALjaf, Sarod waaly Ismail and Ahmed, Mahabad Abdel Karim (2018) "The effect of style in Kurdish poetry," *Alustath Journal for Human and Social Sciences*: Vol. 227: Iss. 1, Article 18.
DOI: 10.36473/ujhss.v227i1.702
Available at: https://alustath.uobaghdad.edu.iq/journal/vol227/iss1/18

This Article is brought to you for free and open access by Alustath Journal for Human and Social Sciences. It has been accepted for inclusion in Alustath Journal for Human and Social Sciences by an authorized editor of Alustath Journal for Human and Social Sciences.

## کاریگەری شێواز لەشیعری کوردیدا

پ. ی سروود وەلی ئیسماعیل جاف پ.ی.د مەهاباد عەبدوالکەریم ئەحمەد
Surood2016@gmail.com mahabadAbdulkarim@gmail.com
كۆلیَجي ثةروةردةي – ئبين روشد زانكؤي بةغدا

تاريخ التقديم: ٢٩٨ في ٢٠١٧/٩/١٨
تاريخ القبول: ٥٣٨ في ٢٠١٨/١٠/١٨

**پوختەی توێژینەوەکە:**

زمان وئەدەب وەك دوو بابەتی جیاواز مرۆڤ سەیری دەكات بەڵام لەراستیدا زمان وئەدەب پێوەندێكی قووڵ و توند لە نێوانیاندا هەیە كە بوونی زمان نەبێت بەرهەمی ئەدەبی نانووسریتەوە وگەشە ناكات.

ئینجا لەنێوان زمان وئەدەب ناوەندێتی سەرەكی هەیە كەپێی ئەڵێن شێوە وشێوازە كە دووجەمسەری سەرەكین ودەبێت لە هەموو هۆنراوەیەك هەبێت ، زمان وئەدەب یەك چەقیان هەیە چۆن هەمووما دەزانین هۆنراوە هەست و سۆزی ناخەوەی مرۆڤە هونیار لەرێی جۆری نووسینی خۆی بە زمانی سادەو ساكارو وشەی واتادار ئامانجی خۆی بۆ خوێنەر دەگەیەنێت.

ئەم لێكۆڵینەوەمان لەدوو تەوەرەی سەرەكی پێك هاتووە : تەوەرەی یەكەم بەناونیشانی ((پێوەندی نێوان شێواز وزمان)) دایە وتەوەرەی دووەم بەناونیشانی ((شێوە لە هۆنراوەی كوردیدا)) هیوادارین بەم لێكۆڵینەوەیە هەندێ لە سامانی ئەدەبی كوردیمان دەوڵەمەند بكەین وخزمەتی كتێبخانەی كوردی بكەین.

تەوەرەی یەكەم : (پێوەندی نێوان شێواز وزمان)

# تأثير الأسلوب في الشعر الكرديّ

م. سرود ولي إسماعيل الجاف أ.م.د. مهاباد عبد الكريم أحمد
جامعة بغداد / كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية

## الملخص:

يتناول بحثنا هذا الشكل والاسلوب واللغة في الشعر الكردي وهذه العناصر تعتبر من الاساسيات لبناء القصيدة وقد اعتمدنا في دراستنا نماذج من الشعر الكلاسيكي الكردي القديم والذي ظل سائدا حتى مطلع العشرينات من القرن الماضي، تناولنا في المحور الاول اسلوب الشعر الكلاسيكي بصورة مبسطة واللغة التي كتب بها الشعراء الكلاسيكيين اشعارهم والعلاقة الوثيقة بين اسلوب اشعارهم واللغة التي كتبوا بها تلك الاشعار. واتخذنا نماذج شعرية لشعراء كلاسيكيين امثال نالي ومحوي تاكيدا منا على دورهم في صياغة الكلمات الكردية الاصلية والاسلوب المؤثر في المستمع و المتلقي ثم بعد ذلك تحدثنا عن الشعر الحديث واسلوبه واللغة التي كتب فيها الشعر واتخذنا من اشعار كوران وشيخ نوري شيخ صالح انموذجا. أما المحور الثاني فقد تحدثنا عن الشعر الكردي الحديث وكيف تطور علاقة اللغة الشعرية على الشعرفلقد ارتأينا الى انه هناك علاقة وثيقة بين الشكل والاسلوب واللغة من ابرز السمات الفنية للشعر هو اللغة والاسلوب للشاعر من حيث تأثيره على القارئ ونرجو من الله الموفقية ونكون قد وفقنا في دراستنا هذه.

# The effect of style in Kurdish poetry

M. Sarod waaly Ismail ALjaf Dr.Mahabad Abdel Karim Ahmed
University of Baghdad / College of Education Ibn Rushd for Humanities


## Abstract:

This research deals with form, style and language in Kurdish poetry. These elements are considered essential for the construction of the poem. In the current research, we adopted the classical Kurdish style of poetry, which prevailed until the early 1920s. The classics notice their close relationship between the style of their notice and the language in which they wrote that notice.

And then we talked about the modern poetry and style and language in which he wrote this poetry or type of poetry and made us of the Koran and Sheikh Nuri Sheikh Saleh model .As for the second section, we dealt with the form in modern Kurdish poetry and how it evolved and its relation to the language of poetry. We have seen that there is a close relationship between form, style and language as one of the most prominent artistic features is the language and style of the poet in terms of its impact on the reader.


**Key words: poetry, evolve, impact, and elements.**

پێش ئەوەی ڕاستەوەخۆ بچینە نێو باسەکەمان لەسەرەتادا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە مرۆڤ هەرلە سەرەتای ژیانییەوە بۆ ئەوەی کە، لەیەکتر بگەن و دەربڕین و گوزارشت کردن لە پێویستەکانی ئەوە بوو کە زمان بزانێت و بەکاربهێنێت بۆیە و لە بەر ئەوە زمان کلیلی گەلێ ئاڵۆزی و گیروگرفتی ژیان بووە، هەروەها زمان دەربرینکردنی سۆز وئەندێشەی مرۆڤ بووە هەر لە کۆنەوە.

پێوەندی زۆر گرنگ هەیە لەنێوان شێوازو وزماندا چونکە شێواز وەك فۆڕم نیشان دەدات هەرچەندە لایەنی چۆنێتی زمانی دەربڕین لە هیچ کاتێك فەرامۆش ناکرێت.

لەئەدەبی کوردیدا هەروەك چۆن لە ئەدەبی عەرەبی وفارسی وتورکیدا، شێواز لە رێگەی توانست وشاڵاوی ئەدەبییاتی بییانییەوە لە دایك بووە هەروەها گەلێ ناوی لێنراوە لەوانەیە : ((رێك، رێڕەو، خۆڕەوشت، هەڵسوکەووت .....))[1].

لەسەدەکانی کلاسیکیدا یاساکانی شێوازلەلای لاتینییەکان ودواتر لە ئەدەبی ئەوروپاییەکان هەمان یاساکان کتێبی (هونەری و هۆنراوەی) ئەرستۆ لە خۆگرتبوو[2].

عەزیز گەردی بەم شێوەیە باسی شێۆازی نووسین دەکات ودەڵێت : (شێوازی نووسین بریتی یە لەو رێ و شوێن و ڕەنگ و روخسارەی کە نووسەر لە نووسیندا هەیەتی، ئەویش جۆری بیرکردنەوە وهەست و نەست وسۆز وگوداز ووشەبازی ودارشتنی رستەو هەرشتێکی دی دەگرێتەوە کە پێوەندی بە نووسەرو نووسینە کەیەوە هەبێ)[3]، بۆیە ولەبەر ئەمە نووسەرو هۆنیاران بۆ ئەوەی شێوازی دەربڕینەکانیان باش و ڕازاوە و کاریگەر بێت وتایبەنمەندی خۆی هەبێت دەبێت جۆرە پێوەندییێکی قووڵ لە نێوانیان هەبێت.

دروست بوونی زمانی نووسینی ئەدەبی شێوازێکی تایبەتە بۆیە دەبێت هەر هۆنیارێك یان نووسەرێك زمانی ئەدەبی تایبەت بە خۆی هەبێت کە بە هۆیەوە خەڵکەکە پێی بناسێنێت چونکە لەبواری هۆنراوەدا

زمانی نووسینی هۆنراوە گرنگترین بە شەکانی شێوازی هۆنراوە نی یە چونکە بەهۆیەوە هۆنیار دەتوانێ جوانی وکاریگەری شێوازە هۆنراوە ییەکەی پێشکەش بکات هەروەها وەکو جۆرە جیاکردنەوەیەکی سەربەخویی یە لە نێوان شێوازی کلاسیکی و شێوازی نوێی شیعریدا دەستنیشان دەکات.

لە بەرهەمی هۆنیاراندا، زمان وشێواز دیاردەیەکی گۆڕاوە، هەریەك لەوانە بەتوانستی دەسەڵاتی شارەزایی خۆی هەیە، هەر لەیاساکانی زمان دەردەچێ تایبەتمەندییەکانی شێواز لەناو شێوازی هەر هۆنیارێکیدا، واتایەکی فراوانی بە خودی شێواز دەبە خشێت دەتوانین لێرەدا بڵێین کە شێواز ئاوێتەی هەر پێناسەیێك بێت لە پێکهاتنی زمانی هۆنراوەیی هۆنیارەکاندا.

لێرەدا ئێمە کە باس دەکەین، لەوئاستەی کە هۆنراوە دەبێتە بەشێك لە زمان، هۆنراوەیەتی هەر بەشێکە لە شێوازگەری، هەروەها زمانی هۆنراوە دەبێتە هۆکاری پیشاندانی چیینیەتی هۆنراوە بەواتایەکی تر، جوانی هۆنراوە لە ڕێگای زمانی هۆنراوە ییەوە ئاشکرا دەبێت وسەرنج ڕاکێش دەبێت بۆ خوێنەر وگوێگر.

زمانی هۆنراوەیی فراوانترین ئاستی هۆنراوەیە، هەروەها دەربارەی بەهێزکردنی کاریگەری شێوازی هۆنراوە دەتوانین بڵێین زمانی هۆنراوە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی وشەی فەرهەنگی هۆنراوەییدا تەنها هۆنراوە وشێواز لە لایەن زمانی شیعرەوە نارازێتەوە بەڵکو دەبێت ئاماژە بۆ داهێنان وتازەگەریی لە شیعردا چونکە داهێنانی هۆنراوە لە دا هێنانی زمانی خویدایە[٤]، هۆنیار دەبێت زۆر ئاگای لە زمانی شیعری بیت چونکە هونیار لە هۆنراوەکەیدا بابەتێك دەگەیەنێت بۆخوێنەر بۆیە هەرچەندە زمانەکەی ئاسان بێت ئەوەندە خوێنەر بە ئاسانی لە هۆنراوەکە تێدەگات.

وەکو هەرچۆن ئاشکرا بووە بۆهەمووان کە زمانی شیعری لەنێو هۆنراوەی کلاسیکی کۆن و نۆی دا زۆر جیاوازی لە نێوانیان ندا هەیە، نموونە لەسەر باسەکەمان هۆنراوەی کلاسیکی کۆن دەبێ هۆنیار زۆر ئاگای لەوشەکانی هەبێت وهەروەها زۆر ئاگای لە لایەنی ڕەوانبێژی و کێشی وسەروا نێو هۆنراوەکە بێت بۆیە زۆر جار هۆنیار تووشی گیرو گرفتیزمانەوانی دەبێت.

**نموونە لەسەر باسەکەمان** : ئەم دێرە هۆنراوەی (نالی) شاعیرکە تیای باسی جوانی خۆشەویستەکەی دەکات ودەڵێت:

بڕۆت هەر چین و، بەرچەم چین لەسەرچین

ئەمانە چینەبە، قوربان، پێم بڵێ چین؟[٥]

زمانی هۆنراوە لەهەموو ئیش وجۆری وشە نیۆ هۆنراوەکە ڕەنگی داوەتەوە، چونکە زمان تەنیا هۆکاری تێگەیشتن نییە بەڵکو جۆرە پێوەندییەکی قوولی هەیە لە نێوان بیرو هۆش لە گەڵ ڕەسماوشەکان هەربۆیە زمانی هۆنراوە بەشێکی گرنکە لەپێشکەوتنی زمانی ئاسایی هەروەها ڕەنگی دەداتەوە لە بەرهەمی هۆنیاران ونووسەران[٦].

زمانی هۆنراوە جگە لەوەی کە هۆکارێکە بۆداهێنانی هۆنیار ونوێکردن لەوشەکان هەروەها هۆنیار کارلێکردن لەنێوان ڕەگەزەکان دەکات هەروەها پەیامی هۆنراوە لە تێکەڵبوونی وشەکان دەگەیەنێت هەروەها گۆران بەرهەم دەهێنێت و کاری نوێ ئەنجام دەدرێت هۆنیارانی ڕێبازی کلاسیکی توانیبوون بەچەندین وشەی نۆی کوردی پەتی هۆنراوەکانیان برازێننەوە هەر لەسەردەمی نالی وسالم وکوردی مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٦) کە

له دوای ئەو شاعیرانە هەر هەمانی زمانی ئەدەبیەکەی نالی بەکارهێناوە و لەشیعرەکانیدا وەهەر شانازی بە دیوانە شیعریەکەی کردووە وتوویەتی:

بنووسە پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەی کرد
لەئیتداوە کە بەستێ موناسیبی دیوان
گەدایەکی وەکو مەحوی، قەلەندەرێکی کورد
میسالی پادشەهی فورسە، صاحبێی دیوان[٧].

ئێمە ئەگەر بینە سەر هۆنراوەی نوێ وهاوچەرخدا زۆرجار رێبازی لاوان چڕ دەکرێتەوە، ڕەنگە ئەوەی هۆنیار دەیڵێت لای خوێنەر ئەو چەمکە وپێناسەیە نەگەیەنێت، بۆیە دەبێت زمانی شیعری تایبەت هەڵبژێرێت تاکو ئامانجی هۆنراوەکە بگەیەنێت بۆ خوێنەر زمان وشێوازی هۆنراوە بۆ کاریکردن بەرانبەر پەیامی پڕلە مەبەستی دەق دەگەیەنێت کارلێکردن لەنێوان رەگەزەکان و بابەتی لادان گرنگە لە دەقەکەدا، زۆرجار لەهۆنراوەی زق دیارە و لە هۆنراوەکە رەنگ دەداتەوە[٨].

هۆنراوە تەنیا هونەر نییە بەڵکو چەمکی کۆزانیاری دەگرێتەوە چونکە ئەگەر داهێنان لە چەمکی هونەرەکانی تری نەبێت ئەوابە هونەری هۆنراوە بەناوبانگ نابێت، هەروەها هۆنیار لە ڕێگەی شێوازی هۆنراوەکەی خۆی دەناسێتێت.

هۆنراوەی نوێ وهاوچەرخ پڕە لە هەڵوەیستی ئارام بەخشە و هەرەها راستەوخۆ پێوەندی بە بنەماکانی دەروونی هەیە چونکە پێوەندی بەئاوازی پڕ هەستی دڵە بۆ نموونە ئا ئەوەتە شاعیری گەورەمان گۆران بەم شێوەیە هۆنراوەکەی خۆی داڕشتووە وباسی جوانی سروشتی کردووە :

کۆمەڵە شاخێك سەخت وگەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو
هاوار و هاژەی کەف جەرێنی چەم[٩]

هەروەها گۆران لە هۆنراوەیەکی تردا بەوە سفێکی ترەوە وشێوازێکی ڕەنگین هۆنراوەکەی داڕشتووە :

جادە چۆڵ و سێبەربوو، کات بەیانی
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی
بۆسەوزایی دەرو پشتم، بۆئاسمان
بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان...[١٠]

لێرەدا گۆران بەشێوەیەك هۆنراوەکەی هۆنیویەتەوە کە خوێنەر هەست دەکات گۆران بە جل وبەرگی سروشتەوە خۆی بەستووە بە زمانێکی سادە وساکارو شێوەی وشەکانی و ئاوازی بەروونی خوێنەر لێی تێدەکات.

**تەوەرەی دووەم: شێوە لە هۆنراوەی کوردیدا**

شێوەی هۆنراوەی زیندوو ئەوەیە کە لەگەڵ تێکەڵبوون بەردەوامدایە لەو کاتەی کەئادەمیزاد و هۆنراوە پەیوەندی بەیەکتربووە هەتا ئێستا هۆنراوە و شێوەی هۆنراوە شێوەیەکی هۆنراوەیی و کەرەستەی جۆراو

جۆری وەرگرت وله هەموو کاتێکدا لـە گـۆڕان پێشـکەوتندایە، دەتـوانین بڵـێین هـۆنراوە کـزی لای هـەبێ بـەڵام لەوەستان نییە.

هۆنراوەی کوردی بەتایبەتی هۆنراوەی کلاسیکی کۆن زمانەکەی تێکەڵە لە وشەی عەرەبی و فارسـی وتورکی، ئەویش لە ئـەنجامی کـارتێکردنی رووناکبیری ئـەو نـە تەوانـە لەگـەڵ رووناکبیرانی کـورد و (هۆنیـار ووشەی هـەموو هـۆنراوەی رۆژهـەڵات و زمانـانی رۆژهـەڵات بـە مـوڵکی خـۆی دەزانـێ، لەبـەر ئـەوە وشـە نێـو هـۆنراوەی کـوردی ئـەو سـەردەمە، لـە کـوردی وعـەرەبی وفارسـی وتـورکی و زۆر تـەعبیر و ئیسـلامی ئـایینی تیکەڵە[١١].

شـێوەی بـاوی هـۆنراوەی کـوردی هـەر لـە کۆنـەوە شـێوەی کێشـەکانی هیجـا – فۆلکلـۆر – بـووە بەتایبەتی ئەو گەنجینە گەورەیەی هۆنیارانی ناوچەی هەورامانا و رەنگەنە بۆیان بۆجی هێشـتووین هـەموو لـە شـێوەدا ئـەو کێشـانەن و دیاردەکـە جـووت قافیـە – مەسـنەوەی لـە هۆنراوەکانیـان بـەکارهێناون[١٢]، بـەڵام بڵاوبوونەوەی رووناکبیران لە کوردستاندا بەتایبەتی رووناکبیرانی ئاسیینی وتاوسەندنی دەریاکـانی هـۆنراوەی عەرەبی – عەرووزی عەرەبی لە لایەك وهەڵکەوتنی زۆربەی هۆنیارە کلاسیکیە کوردەکان لەو جیهانە ئایینیەدا بووە هۆی ئـەوەی شـێوەی هـۆنراوەی کلاسـیکی کـوردی یـەك قالـب وەربگرێـت، بـەڵام لەسـەرەتای سـەدەی بیستەم وبڵاوبوونەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەزمانی کوردی یەوە پـەیوەندی پـەیداکردن، لەگـەڵ روونـاکبیرانی رۆژئاوای راستەوخۆ بووە هۆی گۆرانی قاڵبی هۆنراوەی کلاسیکی کـوردی زۆر لـە هۆنیارەکـان گەرانـەوە سـەر کێشی خۆماڵی کوردی پەتی.

لـەماوەی نوێکردنـەوەی هـۆنراوەی کـوردی وبـە تایبـەتی لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٢٠–١٩٣٠ دەتوانین هۆنراوەی بڵاوکراوەی کوردی دابەشی بەسەر سێ قۆناغ بکەین :

١. قۆناغی لاسایی کردنەوەی زمانی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی.
٢. قۆناغی کاریگەربوون بە زمانی هۆنراوەی تورکی – عوسمانی.
٣. قۆناغی بەکار هێنانی کوردی پەتی، هۆنراوەی کوردی نوێ.

لە قۆناغی یەکەمدا، هۆنیارەکـان هـەمان زمـانی هـۆنراوەی هۆنیـارە کلاسـیکیە کـان پـەیرەو کـردووە هۆنراوەکانیان پرە لە وشەو دەربرینی زمانە رۆژهەلاتییەکان، کۆمەڵێ هۆنیارانی لاوی ئەو سەردەمە کە زمـانی تورکی یاخود ئینگلیزیان دەزانـی بەتایبـەتی گـۆران و رەشـیدنەجیب وشـێخ نـووری ئاگـاداری شـێوەی نـوێی هۆنراوەی کوردی وئەورویی بووبوون بارودۆخێکی نوێیـان بـۆ هـۆنراوەی کـوردی سـازکرد، هـۆنراوەی کـوردی ئەوەندەی لە ناوەرۆکدا نوێ بووەوە ئەوەندەش لـە شـێوەدا هاتـە پێشـەوە، ئەگەرچـی تـەواو دەسـتبەرداری کێشی پارسەنگی دوو نیوە دێروجووت قافیە نەبوون بەڵام جۆرە هەناسەو دابەشکردنێکی نوێیان خستە نێوان دێڕ ونیوە دێرەکانی هۆنراوە هەروەها سەرواکانیش کەمێك لەیەکتر دوورکەوتنە وهەناسە و ئـاوازی تێهـەڵکێش کەوتە نێوانیانەوە، ئەگەرچی پاش ئەو هەناسەو ئاوازانە دەچوونەوە سەر یەکتری لێرەدا بەشـێك لـە هـۆنراوە کانی – رەشیدنەجیب دەخەینە بەرچاو کە ساڵی ١٩٢٦ دا نووسیویەتی :

ئەوقاتێ ئەبێ، ڕوحم ئەکا تەرکی مەکانی

وەك تەیری جینانی

هەروەك، كە وەرس بووبێ،

لەدیداری حەقیقەت

یەعنی، کە لە، زات

تەسلیمی خەیاڵاتی ئەکا

دەستی عەنانی(١٣)

لە قۆناغی دووەمدا بەهۆی ئەوکاریگەرییەی هۆنراوەی تورکی بەسەر هۆنراوەی کوردی وای لێهاتبوو زمانی هۆنراوەی کوردی، لاسایی وکاریگەرێتی زمانی تورکی عوسمانی پێوە دیار بێت وچەندین وشەو دەربڕینی تورکی – عوسمانی و عەرەبی ئەو وشە عەرەبییانەی کە ئەو کاتە لە نێو ئەدەبیاتی تورکیدا بەکاردەهاتن – بێنە نێو هۆنراوەی کوردییە وە، هۆنیارانی ئەم قۆناغەش بەپلەی یەکەم بریتی بوون لە (شێخ نووری شێخ ساڵح، رەشید نەجیب کە لە پێشەوە باسمان کردن و هۆنراوەێشی بۆی نووسیبوون.

لە قۆناغی سێیەمدا، هۆنیاران بەرەبەرە خۆیان دوورخستەوە لەبەکارهێنانی کەرەستە و دەربڕینی بیانی وزیاتر کەوتنە کۆکردنەوەی کەرەستە خۆماڵییەکان هەروەها لە هۆنراوەکانیاندا بە کاریان دەهێنا، ئەم دیاردەیەش لە سەرەتای ساڵانی سییەکانەوە دەست پێ دەکات.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول باسی ئەم قۆناغەیە بەتەواوەتی کردووەو وتوویەتی: ((بەدەم بزووتنەوەی ئازاد یخوانەی کوردەوە زمانی کوردی پوخت یاپەتی هاتە کایەوە ئەم بزووتنەوەیە لایەتێکی سلبی هەیە، کە بەرەو پێشچوونی ئاسایی ووشەی زمان پشتکوێ دەخات وئەمەش بەرچاو تەسکی یە تەسکی یە، لایەنی ئیجایش هەیە کە چوونەوە ناو کوردەواری و سروود بۆ ووتنێتی بە زمانێك کە تێی بگات))(١٤)، لەم قۆناغەشدا رۆڵی هەریەك لەم هۆنیارانە (پیرەمێرد، گۆران، شێخ نووری، مامەندکەرکووکی) لە بەرچاوە کە لەهەندێ هۆنراوە بڵاوکراوەکانیاندا هەوڵیان داوە زیاتر بگەڕێنەوە سەر بەکارهێنانی کەرەستە خۆماڵییەکان، بەتایبەتی (پیرەمێرد) کە (گۆران)ی هۆنیار خۆی لەوەسفی ئەوەدا دەڵێت : (شیعری پیرەمێرد فۆلکلۆری کوردی، هەڵبەستی شێوەی گۆرانی تەئسیری تی کردوە هەروەها ئەدەبی تورکیی تەئسیری هەر لە سەر دیار بوو پیرەمێرد قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبووە بەلام شیعرەکانی زۆر تەئسیری لەلاوان ئەکردو جۆشی پێ ئەسەندن ئەگەر بەراوردێك بکەین لە بەینی شیعرەکانی ئەو وهی قوتابخانەکەی ئێمە ئەبینین شیعری ئەو (قەومی) تر بوو، سنعاتی کوردی وهەستی کوردی زیاتر پیشان ئەدا)(١٥)، هۆنراوەی (من و ئەستێرەکان) نموونەی ئەو هۆنراوەیە کە پیرەمێرد زمانێکی پاراوی تێدا بەکارهێناوەو تا ڕادەیەکی زۆر دووری خستۆتەوە لە کەرەستەی بیانی هەروەها شێوازێکی تایبەت هۆنراوەکەی داڕشتووە ئەمەش نموونەی چەند دێڕێکە لەو هۆنراوەیە:

ئەستێرە بەرزەکان، ئەدرەوشێنەوە بەشەو

وەك من بەداخەوەن نەسرەوتیان هەیە نە خەو

چەند ساڵە، ئاشنای شەوی بێداری یەکترین

وەك سەرسەرین، شەوێ ناکەینە سەرسەرین

شەو شەونمی ئەوانە چیمەن ئاو ئەخواتەوە

ڕۆژ هەڵمی ئاوی چاوی منە، سەر ئەخواتەوە[١٦].

سالانی پەنجاکانی سالانی شۆرشی نوێی شیعرەکانی گۆرانی هۆنیار بوو هۆنیارانی وەکو کامەران موکری ودیلان و هەردی وکاکەی فەلاح — کامەران موکری ودیلان و هەردی وکاکەی فەلاح هۆنراوەی سەربەستیان نووسی هەروەها بەرهەمەکانیان لە رۆژنامەکانی ئەو کاتەدا بلاودەکردەوە وەکو رۆژنامەی (ژین) هەر بەشێوازێکی نوێ وجووت سەرواو وکێشدار هۆنراوەیان بلاودەکردەوە.

ئەم گۆرانکاریانە لە هۆنراوەدا تەنها لە شێوەو شێواز نەبوو بەڵکو لەسەر ناوەرۆکی هۆنراوە لای هۆنیاران بوو چونکە هۆنیارانی کورد تارادەیەك ئاگایان لەبارودۆخی ئەو کاتەی کوردو ئامانجی نەتەوەکەیان لە هۆنراوە دەربرپیوە بەمە کارێکی گەورەیان کردبووە سەر بیرو باوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی ژینی بەختیاری خۆیان نیشان دەدەن[١٧].

لەو گۆڕانکاریانە لە ژیان و ژینگە داو لەرێ کۆمەڵەکەیان لە هۆنراوەکانیاندا بە قاڵبێکی نوی وشێوازێکی تازە نووسیان وبەتێکەڵبوونیان لەگەڵ کەلەتوورو هۆنراوەی جۆراو جۆریان نووسیبوو هەروەها بابەتەکانیان باسی ئازایەتی وسەربەستی کچ و ئافرەت و وخوێندن وفێربوون بووە هەروەها خۆشەویستی خاك ونیشتمانیان لە بیرنەکردووە وهەردەم باسیان کردووە لە هۆنراوەکانیان:

کەس نییە هاوارە ! هاوارێ بکا ئەی کورد لەبۆت

هەڵدڕا ورگیان، خنکان وسومان وەك بزۆت

گەورەوو کچکەو پیاوو کورو کیژ شێخ ومەلا

خوێنی کورد ڕێژرا بە غەدری عەینی دەشتی کەربەلا[١٨]

هەروەها زۆربەی هۆنراوەکانیان باس لە هەژاری ژیانی میللەتی کوردی ئەو کاتە کردبوو، هەر لەو کاتەدا هۆنیارانی کورد هەستیان بەو دەردەیان کردبووبێ ولەهۆنراوەکانیاندا دەرپڕیوە:

تووشی دەردێکم لە هیچ دەرمانگە دەرمانی نییە

دڵ پەرۆشتێکی هەیە ئارام و وێستانی نییە

گورگە بۆزو گورگە شین وگورگە ڕەش چوونە مەلاس

مێگەلی کوردی لە شیوو هەردەیە شوانی نییە[١٩]

یان شێخ نووری کەباس نیشتمانی کردووە و دەڵێت:

گەر ئاو بدرێم وشەفیقانە بکێڵرێم

پشکووتنی گۆپکەی ئەمەلم حازری ئانە

ئەو خەلفە نامەمی لق وپۆپ ناسك پیرم

بێ ئاویە ئەسبابی بەهارم کە خەزانە[٢٠].

بارودۆخی کوردستان لەوکاتەدا بارودۆخێکی نوێ بوو لە هۆنراوەدا بەتایبەتی لەپاش سالانی١٩٧٠ هۆنراوەی نوێزمانێکی نوێ تاقیکردەوەی نوێ دەربڕینی نوێ هەموویان کاری کردە سەر، ڕەوتی ئەدەبی کوردیدا هەستیارانی کورد دەبووایە شێوەیەکی نوێیان دروست بکردایە لە هۆنراوەکانیان واتە بزووتنەوەی شۆرشە نوێیکان لە کوردستان کاری تایبەت بەسەر هۆنیارەکان کردبوو.

پاشان شێوەی نوێ لە هۆنراوەی کوردیدا کە لە دوای ساڵی ١٩٧٠ هەتاکو ئیستا بەردەوامە و دەبێت لەرووی ئەوەوە کە گۆرانکارییە لە شێوە وشێوازو دەربرینی هۆنراوەکان هەمووی سەرنج ڕاکێش بوو بەتایبەت شێوە بەو پێیەی کە ئاسۆیەکی فراوان و پەل هاویشتنی زیاتر هەیە ناکاتە ئەوەی کە بزووتنەوەی داهێنان تیایدا ئاسانتر و سووکتربێت لەوەی کەلە پێشەوە هەبوو گومانیش لەوەدا نییە کە تواناو ڕادەی ڕووناکبیری هەر هۆنیارێك لە هۆنراوەکانیدا رەنگی داوەتەوە، ئایا ئەو هۆنیارە تا چ رادەیەك توانیویەتی لە دارشتنی هۆنراوەکەی شێوەیەکی توندو قووڵ بەۆژێتەوەو مەبەستەکەی دەربیرێت[٢١].

هۆنراوە ئەگەر خەڵکەکە سوود لێی وەرنەگرێت و لەبەری نەکات یاخود رووناکی نەخاتە دڵ و دەروونی خەڵك بە هۆنراوە ناژمێردرێت:

شیعری گیانی تیابێ بژی و ببزوێ

زمانی دڵ بزانێ وباش پێی بدوێ[٢٢].

هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە سەر زمانی هۆنراوەی کوردی نوێ و هاوچەرخ دەبینین هۆنیار ژمارەیەکی کەم لەوشەو هەڵەبژێرێت بەشێوەیەك کە واتای هۆنراوەکەو وێنەی هۆنراوەکە وەکو تابلۆبەکە خوێنە رلێی تێدەگات وەکو تابلۆیەکی جوان ورەنکین هەست و نەستی هۆنیارەکە وەك مرۆڤێك لە نیو ژینگەکە (ژینگە کۆمەلایەتییەکە) دەژێت، هەمان شێوەورازی خەڵکەکە لەژیانی رۆژانەی بەکاردەهێنێ بۆ نووسینی هۆنراوەکە پەنا دەباتە سەر زمانی یەکگرتووی ستاندەر بۆ دەوڵەمەندکردنی هۆنراوەکانی[٢٣].

بۆ نموونە ئەگەر بروانینە ئەم پارچە هۆنراوەی گۆران ئەوا دەبینین وهەست دەکەین چەند زمانەکەی سەرنجڕاکیش وناسکەو بە ئاسانی لەبەر دەکرێت :

لەژێر ئاسمانی شێنا

لە پاڵ لووتکەی بەفرینا

کوردستان گەرام

دۆڵاو دۆڵ پێوام

نە لە شارو نە لەدێ

نەمدی کەس

وەك تۆ جوان بێ

تۆیت و بەس[٢٤].

هەروەها لە هۆنراوەیەکی تردا بەهەمان شێوازی هۆنراوەیەکی دی نووسیوە بە شێوەیەك خوێنەرو گوێگر هەست دەکەن بەئاسانی هۆنراوەکە:

چادە چۆڵ وسێبەر بوو، کات بەیانی

ئەڕۆیشتم خایاڵاوی ئەمڕوانی[٢٥].

هەروەها روژبە رۆژ هۆنراوەی کوردی بەرەو پێشکەوتن دەروات بەشێوازێکی نوێ وشێوەیەکی تازە وزمانێکی کوردی قووڵ وئاسان هۆنیاران هۆنراوەکانیان دەنووسن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانیان.

## ئەنجام

له ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەمان گەیشتنە ئەوەی کە بڵێین شێوە وشێواز هەر لەسەردەمی دایکبوونی هۆنراوەی کوردی کاریگەری گرنگی هەبووە بۆ پێشکەوتنی هۆنراوە چونکە شێواز بابەتێکی گرنگە لە هۆنراوەدا وێنەیەکی سەربەخۆیەو کاریگەری بەسەر هۆنراوەی کوردی دەکات.

جگە لە شێواز شێوەش هەیە کە ئەوپەری گرنگی خۆی هەیە بەسەر هۆنراوەدا و هەموویان دەبێت بەزمانێکی ڕەوان وکاریگەر هۆنیار بەکاریان بهێنێت لە هۆنراوەکەیدا کە شێواز ئامادەکردنە بۆ بەکارهێنانی زمان لە دەقدا و دەسەڵاتی خۆی هەیە لە ئەدەبدا لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە زمانی هۆنراوە گرنگییەکی ئەو تۆی هەیە بەسەر هۆنراوەکە وخاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە خوێنەر هەست بە ئاسانی و مۆسیقای هۆنراوەکە بکات لەرێی شێوەو شێوازی نووسینی هۆنیارەکە.

جگە لە لەشێوەو شێواز و زان کیش و سەرواش هەیە کە ئەو پەری کاریگەرە بەسەر هۆنراوەکە بۆیە ئەڵێن هۆنراوەی کلاسیکی قورسە چونکە کێش و سەرواکەی زەحمەتە وشێوەو شێوازەکەشی بە ئاسانی خوێنەر لێی بکێناکات و هۆنراوەی کوردی نوێ و هاوچەرخ شێوەو شێوازی نووسینی ئاسانە و هۆنیار هەموو دا هێنانی خۆی لە نێو هۆنراوەکە دەربڕیوە.

## پەراوێز:

---

[1] بڕوانە حەمەنووری عومەر کاکەیی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردی، نامەی ماجستر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٨٩، ل ٩.

[2] بڕوانە هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێڕانی حەمید عەزیز، چاپی ٢، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١.

[3] عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرکی سێەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٩.

[4] برانە : د. نصرت عبد الرحمن، الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث، عمان، الاردن، ١٩٧٦، ص ١-٢.

[5] دیوانی نالی، مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیس میکائیکی، لێکۆڵینەوە لێکدانەوەی مەلا عبد الکریمی مدرس وفاتح عبد الکریم، چاپی ٣، تهران ١٣٧٩ی فارس، ل ٣٤٦.

[6] بڕوانە : محمد الاسعد، مقالة في اللغة الشعرية، مؤسسة الدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص ٣٧-٣٨.

[7] دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکوڵینەوەی مەلاعبد الکریمی مدرس، محمدی مەلا کریم، بەغدا، ١٩٧٧، ص ٣٤٨.

[8] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە : سعيد الورقی، لغە الشعر العربی الحديپ، دار النهچە العربيە، ١٩٨٤، ص ٧٠-٧٤.

[9] دیوانی گۆران، بەهەشت و یادگار، چاپی دووەم، تەهران، ١٣٨٥ فارسی، ل ١٢٧-١٢٨.

[10] دیوانی گۆران، ل ٢٨.

[11] ڕەفیق حلمی، شعروئەدەبیاتی کوردی، ب١، ح٢، هەولێر، ١٩٨٨، عەلائەالدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ژ٢، بەغدا، ١٩٧١، عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر، ١٩٩٩.

[12] خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٩.

[13] ئومێد ئاشنا، ڕەشید نەجیب ونوێکردنەوەی شیعرو نووسینی کوردی، گۆڤاری، ژمارە ٢١، ساڵی ١٩٨٦.

[14] د. عیزەدین مستەفارەسوول، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، هەولێر، ١٩٩٠، ل ١٤٩.

[15] فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا – بەرابیەکان ١٩١٤-١٩٢٩ هەولێر، ٢٠٠١، ل ٦٢.

[16] دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە پەراوێزنووسینی، محمد رسول هاوار چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧.

[17] مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٢٩.

[18] ڕۆژنامەی ((ژیان))، ژمارە ٣١٦، سلێمانی، ١٩٣٢/٣/٢٤.

[19] گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٦، رواندز، ١٥ی جەمادی یەکەم، ١٩٤٥، ل ١٣.

[20] ڕۆژنامەی ((ئومێدی ئیستیقلال))، ژمارە ٣، سلێمانی، ١٩٢٣/١٠/٤.

[21] مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ ٢، ب ٥، ٢٠١٢.

[22] بڕوانە : دیوانی گۆران، ل ١١٢.

[23] محەمەد مەعروف فەتاح، لێۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شێروان حسێن حوشناو وشێڕوان میرزا قادر، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤١٨.

[24] دیوانی گۆران، ل ٢٨.

[25] دیوانی گۆران، ل ٢٨.

## سەرچاوەکان:


### بەزمانی کوردی:

١. ئومێد ئاشنا، ڕەشید نەجیب ونوێکردنەوەی شیعرو نووسینی کوردی، گۆڤاری بەیان، ژمارە٢١، ساڵی ١٩٨٦.
٢. حەمەنووری عومەر کاکەیی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاەدین ککۆلێژی ئاداب، ١٩٨٩.
٣. خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٩.
٤. دیوانی "پیرەمێرد"، کۆکردنەوە پەراوێزنووسینی محەمەد رەسول هاوار، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.
٥. دیوانی گۆران، بەهەشت و یادگار، چاپی دووەم، تەهران، ١٣٨٥.
٦. دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلاعبد الکیمی مورسی، محمد مەلاکەریم، بەغدا، ١٩٧٧.
٧. دیوانی نالی، مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی یە میکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبد الکریمی مودەرسی فاتح عبد الکریم، چاپی ٣، تەهران ١٣٧٩ فارسی.
٨. دیوانی نالی، مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی یە میکایەلی، لێکۆلێنەوەو لێکدانەوەی مەلاعبد الکریمی مودەرس فاتح عبد الکریم، چاپی ٣، تەهران ١٣٧٩ فارس.
٩. ڕەفیق حیلی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی ١، چاپی ٢، هەولێر، ١٩٨٨.
١٠. علا ءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی٢، بەغدا، ١٩٧١.
١١. عەزیزگەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی هەولێر، ١٩٩٩.
١٢. عەزیز گەردی، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، سلێمانی، ١٩٧٩.
١٣. هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێرانی حەمید عەزیز، چاپی٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٤. عیندە دوین مستەفا رەسول، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، هەولێر، ١٩٩٠.
١٥. فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقیدا بەراسییەکان ١٩١٤–١٩٢٩، هەولێر، ٢٠٠١.
١٦. ماروف خەزنەدار، لەبابەتمێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، بەغدا، ١٩٨٤.
١٧. ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە ٣١٦، سلێمانی ١٩٣٢/٣/٢٤.
١٨. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە ٦، رواندز، ١٥ جەمادی یەکەم، ١٩٤٥.
١٩. ڕۆژنامەی (ئومیدی ئیستقلال)، ژمارە ٣، سلێمانی ١٩٢٣/١٠/٤.
٢٠. ماروف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی ٢/ بەرکی ٥، ٢٠١٢.
٢١. محەمەد مەعروف فاتح، لێکۆڵینەوە وزمانەوانەییەکان کۆکردنەوەو ئامادە کردنی شیروان حسێن خۆشناوو شیروان میرزا قادر، هەولێر، ٢٠١٥.
٢٢. هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێرانی حەمید عەزیز، ژاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

### بەزمانی عەرەبی

١. سعيد الورقي، لغة الشعر الحديث، ١٩٨٤.
٢. محمد الاسعر، مقالة في اللغة الشعرية، بيروت، ١٩٨٠.
٣. نصرت عبد الرحمن، الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث، الاردن، ١٩٧٦.

**Sources in Kurdish**

1. Amid Ashta, Rashid Najib and Modernity of Poetry and Kurdish Writing, Bayan Magazine, No. 21, 1986.

2. Muhammed Anwar Aamir Khaki, Style in Classical Kurdish Poetry, MA, Salahuddin University, Faculty of Literature, 1989.

3. Khurshid Rashid Ahmed, The Romantic Doctrine in Kurdish Literature, Baghdad, 1989.

4. Burmired Library, Compilation and Writing of Comments Muhammad Rasool Hawar, First Edition, 2007.

5. Diwan Gouran, Paradise and Remembrance, Second Edition, Tehran, 1385.

6. Diwan Mahwi, analysis and study Mullah Abdul Karim teacher and Muhammad Mullah Karim, Baghdad, 1977.

7. Diwan Nali, Mullah Khudair and Ahmad Shaulismikaili, Study and Analysis of Mullah Abdul Karim Al-Murser and Fattah Abdul Karim, 3rd ed., Tehran, 1379 Farsi.

8. Rafik Hilmi, Kurdish Poetry and Literature, Part I, 2nd edition, Erbil, 1988.

9. Alaeddin Sajadi, History of Kurdish Literature, 2nd edition, Baghdad, 1971.

10. Aziz Classical Kurdish Poetry, Arbil, 1999.

11. Aziz in Kurdish Literature, Part III, Selmanian, 1979.

12. Horace, From Poetry, Translated by Hamid Aziz, 2nd edition, Sulaymaniyah, 2005.

13. Ezzedin Mustafa Rasool Allah, Modern Kurdish Literature, Erbil, 1990.

14. Farouk Ali Omar, The Kurdish Press in Iraq, The Beginnings, 1929-1929, Erbil, 2001.

15. Marvakhzandar, on topics of the history of Kurdish literature, Baghdad, 1984.

16. Xian newspaper, No. 316, Sulaymaniyah, 24 March 1993.

17. The Northern Dialectic Magazine, No. 6, Rawandes, 15 Jumada I, 1945.

18. Amal al-Istiqlal, No. 3, Sulaymaniyah, 4 October 1993.

19. Marvakhzandar, History of Kurdish Literature, 2nd edition, Part 5, 2012.

20. Mohammad Maarouf Barzanji, Studies and linguistic analyzes, by Sherwan Hussein Khoshnaoshirwan Mirza Kader, Erbil, 2015.

21. Horace, The Art of Poetry, Translated by Hamid Aziz, 2nd edition, Sulaymaniyah, 2005.

Sources in Arabic

1. Saidi Al-Tharaki, The Language of Modern Poetry, 1984.

2. Muhammad Al-Asar, article in the poetic language, Beirut, 1980.

3. Nusrat Abdel Rahman, The Artistic Image of Pre-Islamic Poetry in Light of Modern Criticism, Jordan, 1976.